# موغیرەی کوڕی شوعبە پێشنوێژی بۆمان کرد؛ ڕاستەوخۆ هەستا لە پاش ڕکاتی دووەم -دانەنیشت بۆ خوێندنی تەحیات-، ووتمان: سبحان الله، ئەویش ووتی: سبحان الله وبەردەوام بوو لە نوێژەکەیدا، کاتێک نوێژەکەی تەواوکرد وسەلامی دایەوە، دوو سوجدەی سەهوی برد، کاتێک نوێژە تەواو بوو، ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلی الله علیه وسلم- ئەمەی ئەنجامدا هەروەکو چۆن من ئەنجامم دا

لە زیادی کوڕی عیلاقەوە دەڵێت: موغیرەی کوڕی شوعبە پێشنوێژی بۆمان کرد؛ ڕاستەوخۆ هەستا لە پاش ڕکاتی دووەم -دانەنیشت بۆ خوێندنی تەحیات-، ووتمان: سبحان الله، ئەویش ووتی: سبحان الله وبەردەوام بوو لە نوێژەکەیدا، کاتێک نوێژەکەی تەواوکرد وسەلامی دایەوە، دوو سوجدەی سەهوی برد، کاتێک نوێژ تەواو بوو، ووتی: «پێغەمبەرم بینی -صلی الله علیه وسلم- ئەمەی ئەنجامدا هەروەکو چۆن من ئەنجامم دا».

[صەحیحە] [تورمۆزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە کردەوەیەکی موغیرەی کوڕی شوعبە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕوونەدەکاتەوە لە کاتی نوێژدا، ئەویش ئەوەیە لە کاتی نوێژەکەیدا هەڵەی کرد -سەهوی کرد-، ولە ڕکاتی دووەم تەشەهود -تەحیاتی- نەخوێند، وخەڵکی لە پشتیەوە تەسبیحاتیان کرد -ووتیان: سبحان الله-، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لە نوێژەکەیدا، وپاش سەلامدانەوە؛ دوو سوجدەی سەهوی برد، ووتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەمان شتی ئەنجامداوە، وبەناوبانگترین بۆچوونی زانایان لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە: ئەگەر کەمکردنەوەیەک هەبێت لە نوێژەکەدا لە پێش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو دەبات، وئەگەر زیادکردنێک هەبێت لە نوێژەکەدا لە پاش سەلامدانەوە سوجدەی سەهو دەبات، بەڵام لە کاتی گوماندا؛ ئەگەر یەکێک لە دوو حاڵەتەی بە لاوە پەسەند بوو ئەو لە پاش سەلامدانەوە سوجدە دەبات، ئەگەر هیچ یەکێک لە دوو حاڵەتەکەی لە لا پەسەند نەبوو ئەوا لە پێش سەلامدانەوە سوجدە دەبات. وئەگەر ئیمام بوو باشتر وایە پێش سەلامدانەوە سوجدە سەهو ببات بۆئەوەی نوێژخوێنەکان نوێژەکەیان لێ تێکنەچێت بەتایبەت هەندێک ڕکاتیان لەدەست چووە. وهەروەها ئەم گێڕانەوەیە هەیە کە دەڵێن پەسەندترین ئەوەیە کە سوجدەی سەهو لە پێش سەلامدانەوە بێت بەهۆی گێڕانەوەی (عبد الله بن مالك ابن بحينة) [متفق علیه].

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11234